به ناوی کوردستانی گەورە!

# پێنووس و گوڵەگەنم ، لە جێی شێر و خۆر !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail.com

لـە ژیـانی کارەسـاتاوی گـەلی کـوردا ، زۆر رووداوی سەرنجراکێشـی بـە دیمـەن چکۆلـە بـوون ، کە لەگەڵ چکۆلەیـیاندا ، لــە بـاری چۆنایەتەیـەوە شـتێکی هـەرە گـرنگ بوون ، بەڵام وەک رووداوە گەورەکان ، ئەوانیش نەنووسـراون و سـەبت نەکـراون ،جـا هـەر لەبـەر ئەمـە ،وردە وردە لە تەمومژی مێژودا فەوتاون و لە ئاسمانی بیرەوەریـەکاندا بـۆ هەمیشـە ئـاوا بوون . منیش وەها بیرەوەریەکی بە رواڵەت چکۆلە ، بەڵام لە راستیدا یەکجار گرنگم هەیە ، کە بۆ ئەوەی نەفەوتێ ، ئێستا لە خوارەوە ، بۆتانی دەگێڕمەوە :

پـێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ، بابم ( برایم سەلاح ) ، لە سپای شاهەنشاهی ئێراندا ،بە دەرەجەی سـەروانی ئیشی دەکرد . لەبەر ئەوەی کە کورد و ... بو ، لە شاری موکران ، لە پارێزگەی سیستان و بلووچستان ، لەوسـەری رۆژهەڵـاتی ئـێران کاریـان دابویـە و لەوێ کاری دەکرد . لەو کاتەدا ،ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی هاتەوە بۆ کوردستان ، بۆ ماڵی خۆمان ، بۆ مەرەخەسی .

مـن ئەو کاتە ،نزیکەی چوارساڵان بووم و بە قەولی کوردی فامم کردبوەوە . ئەم کاتە ، کە بابم هاتەوە بۆ ماڵەوە ، سپیاڵـی ئەفسـەری سپای شاهەنشاهی لەبەردا بو . منیش وەک منداڵێکی چوار ساڵان ، کە زۆر تاسەی بابم کردبو ، گەلێ جار سەرم دەکردە سەر رانی . کاتێک سەرم دەنا سەر رانی ، دوگمەی زەرد بە لیباسە ئەفسەریەکەیەوە بو ، کە وێـنەی شـێر و خـۆر ( دروشمـی شاهەنشاهی) لەسەر تەواوی دوگمە کان بو. شێر و خۆرەکە بۆ من زۆرشتێکی سەیر بـو ، بەڵـام وەک منداڵـێکی چـوار ساڵە زۆر لەوە سوورنەدەبوومەوە ، کە ئەم شێرە پاش پووچەڵە و ئەو خۆرە بێ رەمەقە چیە .

زۆری پـێ نـەچو ، بـابم دیسـان گـەڕاوە بـۆ کوردسـتان ، بەڵـام ئەمجارە کە دەچوومە سەر رانی و لە دوگمە ی لیباسەکەیم دەڕوانی ، دەمدی لە جێی شێر و خۆر ، پێنووس و گوڵەگەنم ، لەسەر دوگمەی لیباسەکانیەتی . رۆژێک لێم پرسی ، بۆ شکڵی سەر دوگمەکانت گۆڕراون ؟. لە وەڵامدا وتی ، من لە سپای شاهەنشاهی هاتوومەتە دەرەوە و ئێستا ئەفسەری کۆماری کوردسستانم . کورم ! ئەم پێنووس و گوڵە گەنمە ، هی خۆمانە ، ئەو شێر و خۆرە ، شتێکی لاوەکی بوون - من ئیدی ئێستا ، ئەفسەری شاهەنشاهی نیم ، سەرهەنگێکی سپای رزگاری خوازی کوردستانم !

**ئێسـتاش بـۆ پـیرۆزی و بەشـانازیەوە ،لــە ماڵــەکەماندا ، دانەیەک لەو دوگمانەی کە پێنووس و گوڵەگە نمیان رازاندوەتەوە ، لە تەنیشت ئاڵا و پەرچەمی کوردستانی گەورە دا، بە رێزەوە داناوە .**

**پێنووس دروشی زانین و بیرە و گوڵەگەنم دروشمی ژیانی کورد .**

www.Kurdistannet.org